# کۆچی گەنجان رووەو ئەوروپا بەردەوامە

◇ **میدیا - ژیلە ئامانج**

کۆمەڵێک هۆکار لە پشت کۆچکردنی گەنجانەوەیـــە و تێڕوانینی جیا لەم بارەیەوە هەیە و میدیا کۆمەڵێک کەسایەتی لەم رووەوە دواندووە.

راگەیاندکار (کارزان مەنتک) سەبارەت بە کۆچی گەنجان رایدەگەیەنێت" ئەم هۆکاری رۆیشـــتنە هۆکاری گەندەڵی و خراپی باری ئابـــووری و بێکاری و دانەمەزراندنە لە دام و دەزگاکانـــی حکومەتـــدا، هـــەر ئەوەندە نییـــە، زۆر هۆکاری دیکەی لەپشـــتەوەیە، یەکێکی دیکە لەهۆکارەکان ترسی دووبارە سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوەخۆ و نەبوونی متمانـــە و گرەنتی کردنـــە لەلایەن خەڵک بۆ حکومەت و حزبەکان، بەشـــێکیش لەم کۆچە بۆتـــە چاولێکەری لەگـــەڵ نەبوونی

ئێمەش لەخەمی خۆشترکردنی ژیانیان دان و ئومێدیان بەئەوروپا ژیانێکی بەهەشتییە، بەڵام لێـــرە بەپێچەوانەوە ســـەرەڕای ئەو دۆخـــەی هەرێمی گرتووەتـــەوە و قەیرانی داراییشی هاتووەتە ســـەرو کار وەستاوە، پارە بەئاســـانی دەســـت ناکەوێـــت، بۆیە گەنجان ئـــەو رێگا دوور و پڕ مەترســـییە دەگرنە بەرو رووەو ئەوروپا کۆچ دەکەن.

ئەحمـــەد گەنجێکی تەمەن (٢٣) ســـاڵەی خوێندەڤانـــی زانکۆیە لەبەشـــی ژمێریاری دەڵێت" کۆچکردنـــی گەنجان بۆ هەندەران زۆر بەرنامەو راپۆرتی لەسەر کراوەو هۆکار و جیاوازییەکانـــی خراوەتـــە روو، بـــەڵام چارەســـەری بۆ نەکراوە و هیچ سوودێکی نەبووە، چونکە هەر پرســـێک هۆکارەکانی دەست نیشان کرا، دەبێت بەرنامەیەکی بۆ دابنرێت چارەســـەری ئەو دیاردەیە بکات،



خاکەیە کەمنی لێ لەدایک بووە، بەڵام ئەو شوێنەی کە من لێی دەمرم وڵاتێکی دیکەی ئەوروپایە، بەداخەوە ئەوە ئێســـتا قسەی زۆرێـــک لەگەنجانمانە، هەروەها دەشـــڵێن ئەگەر بکەوینە دەریای ئیجە و ماسی و قرش بمانخوا باشـــترە لەوەی کە لە کوردســـتان خەم و خەفەت بمانکوژێ، ئەوەیە قســـەی زۆرێـــک لەگەنجانی کوردســـتان، کە داوای دامەزراندن و نەهێشتنی گەندەڵی و قەیرانی دارایـــی دەکەن، بەپێچەوانـــەوە بەرای من ئەگەر بە باخەڵی بەتاڵی و برسێتیدا بڕۆی با هەمیشە دەستی قلیشاوی باوکت لەپێش چاوبێت تا بەهێز بێت و تەسـلیم بە خاکی بێگانە نەبێـــت و خاکی خۆت جێنەهێڵێت، وڵات و مەفتەنـــی خـــۆت لەهەمـــوو دونیا خۆشترە و قەدرت زیاترە".

گەنجیش هـــەر دەمی بکاتەوە باس لەئیش و کار و دامەزرانـــدن بـــکات نییە، هەرچی دەرگا هەیـــە بـــەرووی داخراوە، ســـاڵانە چەندەها کـــەس زانکـــۆ و پەیمانگا تەواو دەکەن و دانامەزرێن، هۆکارێکی دیکە ئەم کۆچکردنەش بەهۆی هاتنی شەڕی داعشە، ئەم رێکخراوە تیرۆریستە کورتترین ماوەیان دانـــاوە بۆ لەنـــاو بردنی کـــە نزیکەی دە ساڵە، هەرکاتیک داعش هێرش بێنێتە سەر کوردستان ژیان دەکەوێتە مەترسیەوە، بۆیە گەنجـــان دەیانەوێت لەو مەترســـیە خۆیان رزگار بکەن، مـــاڵ و وڵاتی خۆی لەبەرچاو نییە، هەرچەندە ئەو رێگایەش بێ مەترسی نییە، چەندان گەنج لەو رێگایە دەخنکێن و لەناو دەچن و هیلاکی دەچێژن، کەچی هەر بەردەوامن لەکۆچکردن، هەروەها جیاوازی

## دەرچوویەکی زانکۆ: نائومێدی و بارودۆخی کوردستان هۆکاری کۆچکردنی گەنجانە

## گەنجێک: بەرپرسان حەز دەکەن پێشیان چۆل بێت تا بەئارەزووی خۆیان گەندەلی بکەن

## راگەیاندکارێک: هۆکارەکە گەندەڵی و خراپی باری ئابووری و دانەمەزراندنە

## توێژەرێکی دەروونی: بێ دەنگی حکومەت بووەتە رێگە خۆشکەر بۆ کۆچکردنی گەنجان

خزمەتگوزاری و خراپی بارودۆخی کوردستان و ترس لەشەری داعش کاولکاری.

ســـارا دلاوەر تەمەن (٣٢) سالە دەرچووی زانکۆیـــە دەڵـــێ:" ئێســـتا مەســـەلەکە بەکۆمەڵگادا بڵاو بووەتەوە و مشـــتومڕێکی زۆری لەســـەرە، رۆژانە گوێمان لێ دەبێت ئەها فلان کەس رۆیشت، ئەمە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بـــۆ نائومێدی گەنجان لەژیانی کوردســـتان و بارودۆخی هەرێم، گەنجانی

بەبڕوای منیش ئـــەو کۆچکردنە هۆکارێکی گرنگـــی لەپشـــتەوەیە، ئەگینـــا خەڵـــک بەم شـــێوەیە هەڵنایەت و خـــاک و وڵاتی خۆی جێناهێڵێـــت، هۆکارەکانیش خراپی بارودۆخی سیاســـی کوردســـتان و کەرتی ئابووری و قەیرانی دارایی بوونەتە هۆکاری ســـەرەکی کۆچکردنـــەکان، چونکە ئەمانە هاوڵاتیانی نیگەران کردووە و تەواو نارازین لەبوونـــی گەندەڵی و نایەکســـانی لەرووی

مووچـــە، گەنجەکانمـــان دەتوانن با نەرۆن بۆ ئەورۆپا، با بێن سیاســـەتی حوکمرانی بگۆرن لە کوردســـتان، ئەگینا چارەســـەر لای حکومـــەت و بەرپرســـان نییە، ئەوان

حەز دەکەن پێشـــیان چۆل بێت تاوەکو بە ئارەزووی خۆیان گەندەلی بکەن".

(ئاشتی ســـوارە) ی تەمەن (٢٤) ساڵەی خوێندەڤانی زانکۆش وتی" کوردستان ئەو

ســـامان محەمـــەد توێـــژەری کۆمەلایەتی لەســـەر پرسی کۆچی گەنجان بۆ هەندەران رایدەگەیەنێت" یەکەمین هۆکار بێ هیوایی گەنجانـــە، لەم وڵاتـــە هیوایەکـــی ئەوتۆ نەمـــاوە بۆ گەنجان تـــا لەپێناویدا لەوڵاتی خۆیـــان بمێننەوە و بـــەردەوام بن لەژیان، هیوایـــەک چۆن نەمـــاوە لێـــرەدا ئەزمەی بێـــکاری هەیە، بۆ دوو ســـاڵ دەچێت بێ بودجەیی بەرۆکی ئـــەو هەرێمەی گرتووە،

لەنێـــوان چینـــەکان هۆکارێکـــی دیکەیە، بەرپرســـان بێ ئـــاگا لەخەڵـــک و چینی خوارەوە، کـــەس خۆی لـــەوە بەبەرپرس نازانێت، هەر کەســـەو لەخەمی کورسی و پۆســـتەکەیدایە، تا ئێســـتاش هەنگاو بۆ چارەســـەر کردنی رۆیشتنی گەنجان رووەو هەندەران هەڵنەگیراوە، تەنانەت بێ دەنگ بوونی حکومەت لەســـەر ئەو پرسە بووەتە رێگاخۆشکەر بۆ ئەو کۆچکردنە".

# رزگارکردنی موسڵ نزیک دەبێتەوە

◇ **میدیا - کارزانی مامەندپیران**

لەســـەردانێکیاندا هەریـــەک لەپارێزگاری نوێی موسڵ و سەرۆکی ئەنجوومەنـــی پارێزگاکە ســـەردانی قەزای مەخمووریـــان کـــردو لەلایـــەن قایمقامی مەخمـــوورو ســـەرکردەی عەمەلیاتـــی رزگارکردنـــەوەی موســـڵ لەمەخمـــوور کۆبوونەوە، بەپێی وتەی ناو کۆبوونەوەکە، رزگارکردنەوەی موســـڵ نزیکەو بەمزووانە موســـڵ لەتیرۆریســـتانی داعـــش پـــاک دەکرێتـــەوە، پارێزگاری نوێی موســـڵیش بەرنامەی کاری خستە روو.

لەکۆبوونەوەکەدا پارێزگاری نوێی موســـڵ (نەوفـــەل حەمادی) بەرنامەی کاری خۆی

کە ئێمـــە کارەکانمـــان وەک تیمێکی کار دەبێت، پێم وایە ئەمە دەبێتە دەروازەیەک بـــۆ رزگارکردنـــەوەی موســـڵ، چونکـــە پێشـــتر بەر لە ٦/١٠ (بەر لەوەی داعش دەست بەسەر موســـڵ دابگرێت) دابڕانێک هەبوو لەنێـــوان پارێزگاو ئیـــدارەی کردە ســـەربازییەکان، من ئـــەوە دەڵێم دەزگای ئەمنی شکستی خوارد لەپاراستنی خەڵکی موســـڵ بەکـــوردو عـــەرەب و تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە، کە ئەمە ئەرکی دەزگای ئاسایش و سەرکردەی کردە سەربازییەکان بوو، دەمەوێت ئەوە بۆ سەرکردەی کردەی رزگارکردنەوەی موسڵ و تەواوی ئەفسەران روون بکەمەوە، دەبێت هەماهەنگە لەنێوان سەرکردەی کردەی رزگارکردنەوەی موسڵ و پارێـــزگارو ئەنجوومەنی پارێزگا هەبێت،

## بەشار کیکی: قبوڵ ناکەین ئێستا بەشدار بین لەدۆسیەی ئەمنی و دواتر فەرامۆشمان بکەن.

## نەجم جبوری: ئامانجم رزگارکردنەوەی موسڵە نەک کورسی و پۆست

ئەگەر ئێمە ســـوود لـــەو ئەزموونەی بەر لـــە ٦/١٠ وەرنەگرن، داعش شکســـتێکی دیکەمان پێ دەهێنێت، پێویستە هەموومان بەشـــدار بین لەدۆســـیەی ئەمنی موسڵ، دەمەوێت پەیامێک ئاراســـتەی هاوپەیمانی نێودەوڵەتـــی بنێرم و سوپاســـیان بکەم لەهاوکارییەکانیـــان لـــەرووی مـــاددی و مەعنەوییـــەوە، لـــەرووی هاوکارییـــە ســـەربازییەکانیان، سوپاســـی هێزەکانی عێراق بکەم بەسوپاو هێزەکانی پێشمەرگەو

تەواوی ئەو خەڵکانەی موسڵ کە هاوکارن لەرزگارکردنـــەوەی موســـڵ و ئێزیـــدی و مەسیحی و پێکهاتەکانی دیکە، من جەخت لەســـەر ئـــەو بابەتە دەکەمـــەوە، دەبێت لێژنـــەی باڵای ئەمنـــی هەماهەنگی لەگەڵ لێژنەی ئەمنی ئەنجوومەنی پارێزگا هەبێت لەگەڵ سەرکردەی کردە ســـەربازییەکانی رزگارکردنەوەی موسڵ، رازی نابین ئێستا راوێژمان پێ بکـــەن و پێکەوە کار بکەین و دواتریـــش فەرامۆشـــمان بکـــەن، ئەمە

مایـــەی قبوڵ کردن نابێت وەک پێشـــوو، دەبێت ئێمە لەئێستاوە نیازمان روون بێت لەگـــەڵ یەکتر، لەدوا کۆبوونەوەمان لەگەڵ سەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی ئەوەمان باســـکرد، وتـــی جەختی لـــەوە کردەوە دەبێت پارێـــزگارو ســـەرۆکی ئەنجوومەن رۆڵـــی باڵایان هەبێت لەدۆســـیەی ئەمنی و بەشـــدار بن، ئەمە پەیامێکە بۆ (نەجم جبوری) سەرکردەی کردە سەربازییەکانی رزگارکردنەوەی موســـڵ، کە خۆشـــحاڵم لێرە پێکـــەوە کۆبووینەوە، دەمەوێت ئەوە بخەمەڕوو ناکرێ پارێـــزگارو ئەنجوومەنی پارێـــزگا لەلایەک بن و ســـەرکردەی کردە لەلایەکی دیکەوە بێت و بەجیا کار بکەن، ئەمـــە قبوڵ ناکەین، ئێمە هاتووین قســـە لەســـەر ئەوە بکەین هەموومان بەشاربین

لەدۆســـیەی ئەمنـــی و بەیەکەوە موســـڵ رزگار بکەینەوەو بیپارێزین، دەمەوێت ئەو پەیامەش بۆ خەڵکی موسڵ بنێرم، ئەوانەی لەژێر دەسەڵاتی داعش گیریان خواردووە، کـــە رزگارکردنـــەوەی موســـڵ زۆر نزیک بووەتەوە لەسەر دەستی رۆڵەکانی موسڵ و تێکۆشـــەرە ناوخۆییەکان و حەشـــدی عەشایرو سوپا، ئێمە زۆر کێشەمان هەیە، بەڵام یەکەم کارمان رزگارکردنەوەی موسڵ دەبێت، بەرزگارکردنەوەی موسڵیش هەموو عێراق لەدەستی داعش رزگاری دەبێت".

(نەجم جبوری) سەرۆکی کردەی سەربازی رزگارکردنەوەی موسڵ لەو کۆبوونەوەیەدا لەوەڵامی پارێزگارو سەرۆکی ئەنجوومەنی وتی" مـــن دەمەوێت پارێزگارو ســـەرۆکی ئەنجوومـــەن بـــرادەران دڵنیـــا بکەمەوە،

## نەوفەل حەمادی: ئەوەی لەگەندەڵی تێوەگلابێت دەبێت دەربکرێت

## "بەپشتیوانی خودا دەست لەناو دەست هەموو موسڵ رزگار دەکەینەوەو ئاشتی تەبایی دەگەڕێنینەوە ئەو شارە"

راگەیاندو بەخاڵ خستییەروو، کە بەرنامەی چی دەبێـــت لەماوەی پارێـــزگار بوونی و وتی" بـــۆ هاوکاری مەعنەوی و سیاســـی داوامان لەبەغداد کـــردووە هاوکارمان بن، دیدارمان لەگەڵ هەریەک لەسەرۆک وەزیران و ســـەرۆکی پەرلەمـــان و ســـەرۆککۆمار هەبووە، قسەمان لەسەر گواستنەوەو نەوت و شـــارەوانییەکان کردووە، ئەگەر پێشتر کێشـــەیەک هەبووبێـــت نامەوێت قســـەی لەسەر بکەم ".

هەروەها وتیشـــی" موســـڵ زیاتر لە ٣٥٪ ی رزگارکراوە لەلایەن پێشـــمەرگە، ئێستا تەنها شـــەش یەکەی ئیـــداری ماوە لەژێر دەسەڵاتی داعش، ئەو یەکە ئیدارییانەیشی کە داعش دەســـتی پێنەگەیشت شێخان و زلیکان و ئەلقۆش و فایدە، دەمەوێت یەک هەڵوێست و یەک دەنگ بین و متمانەیەک لەنێوان ئێمەو هاوڵاتیان دروســـت ببێت و راستگۆ بین لەگەڵ خەڵکی خۆمان".

بەشـــار کیکـــی ســـەرۆکی ئەنجوومەنـــی پارێزگای موســـڵیش کە لەکۆبوونەوەکەدا ئامادەبـــوو رایگەیانـــد" خۆشـــحاڵم لێرە لەگەڵ سەرکردەی کردەی رزگار کردنەوەی موسڵم، من جەخت لەسەر ئەوە دەکەمەوە



ئێمـــە بەپشـــتیوانی خـــوا تیمێکـــی کار دەبین و راوبۆچوونمان دەگۆڕینەوەو شان بەشان دەبین لەگەڵ ســـەربازەکانمان بۆ رزگارکردنەوەی موســـڵ، ئەگەر ئێمە وەک تیمێک کار نەکەین، ناتوانین دوژمنەکانمان تێک بشـــکێنین و بەســـەریاندا زاڵ ببین، تەنانەت لێرە لەگەڵ پاڵەوانانی پێشمەرگە وەک یەک تیم کار دەکەین و هەماهەنگیمان لەگەڵ یەکتر هەیە، ئەگەر یەک تیم نەبین ناتوانیـــن دوژمـــن تێـــک بشـــکێنین، من ســـەربازم هەیە تامەزرۆی هەوای موسڵە، بەپشـــتیوانی خـــودا بەمزووانە دەچینەوە موسڵ و بەنەوەکانتان شاد دەبنەوە، خۆم و ئەفسەرەکانم بەشێکین لەئێوە لەو تیمەی کار بـــۆ رزگارکردنەوەی موســـڵ دەدات، بۆمنیش شانازییە بەشێک بم لەحکومەتی خۆجێـــی موســـڵ، بەپشـــتیوانی خـــودا دەست لەناو دەســـت هەموو موسڵ رزگار دەکەینەوەو ئاشـــتی تەبایی دەگەڕێنینەوە ئەو شـــارەو ئاوەدانی دەکەیـــن، ئێمە کە لێرەیـــن ئامانجمان کورســـی و پۆســـت نییە، ئامانجمان رزگارکردنەوەی موســـڵەو لەپێناو موسڵیش هەموو هەوڵێکی خۆمان دەدەین".

# توندوتیژی بەرامبەر ئافرەتان بەردەوامە

◇ میدیا - ژیلە ئامانج



**ئافرەتێکی ماڵەوە: ئافرەت هەیە ناتوانێت بەسەربەستی بڕواتە شوێنێک**

**مامۆستایەک: سەرجەم دابونەریتەکان پێیانوایە دەبێت ژن ملکەچی زۆر شت بێت**

**خوێندەڤانێک: رەخساندنی بوار بۆ ئافرەت لەسەرجەم قوناغەکاندا زۆر پێویستە**

**رۆژنامەنووسێک: هۆکارەکە پەروەردەی پیاو سالاری و بە کەم زانینی رەگەزی مێینەیە**

یەک دەیە و نیو لەسەدەی ٢١ خەریکە تێپەڕ ببێت، بەڵام هێشتا دیاردەی توندوتیژی دژ بەئافرەتان بنەبڕ نەکراوە، ئافرەتانیش هۆکارەکە بۆ دەسەڵاتی پیاو لەکۆمەڵگای پیاوسالاری دەگێڕنەوەو کچە خوێندەڤانێکیش بەپێویستی دەزانێت هەلی کاری زیاتر بۆ ئافرەتان دابین بکرێت و ئافرەتانیش لەناو چوار دیوار بێنە دەرەوە.

نەزیرە محەمەد ئافرەتی ماڵەوە بۆ میدیا وتی" ئەو توندوتیژیەی کە دژ بەئێمە دەکرێ، وەکو بەرەنگاربونەوەیەکە دژ بەو مافانەی ئافرەت هەیەتی، بەبێ ئەوەی رەچاوی هەستی ئافرەتان بکەن، ئافرەت هەیە ناتوانێت لەماڵەکەی بێتە دەرەوەو بەسەربەستی بڕواتە شوێنێک، چونکە پیاو سالاری لەکۆمەڵگەی ئێمەدا زاڵە، ئەمەش وایکردووە ئافرەت بەکۆیلەیی بمێنێتەوە لەناو چوار دیواردا، هەرچەندە ئێستا لەزۆر شوێن باوی ئەوە نەماوە، بەڵام زۆرجار ئەم شتانە بەرچاو دەکەن لەناو کۆمەڵگا ئەمەش بەو مانایەیە کەکلتوری کوردی تەواو ناشرین دەکات، بەپێچەوانەوە کلتوورەکەمان زۆر لایەنی جوانی ئاشتی و تەبایی نێوان لایەنەکان و بەهێزی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و دەستی هاوکاری و گیانفیدایی و بەرگری لەخاک و نیشتیمانی هەیە، بەڵام لایەنە سلبیەکان بوونەتە هۆکاری ئەم بیرکردنەوەیە، بۆیە پێویستە هەوڵی چاکسازی بدرێت لەکلتووردا، ناکرێت کۆمەڵگا لەشوێنی خۆی بووەستی و لەناو بازنەیەک بسورێتەوە، دەبێت کۆمەڵگا هاوشێوەی جیهان بەرەو پێش بچێت و کار لەسەر چاکسازی بکرێت، لەهەمانکاتدا هەلی کار بۆ ئافرەت بڕەخسێنرێت و حکومەت لەبەرنامەی ساڵانەی خۆیدا کار بۆ ئافرەت بکات، لەبەرامبەردا پێویستە ئافرەتانیش لەناو چوار دیوارەکان بێنە دەرەوەو شانبەشانی پیاوان کار بکەن، بۆ ئەوەی بەهێزی خۆیان نیشانی کۆمەڵگا بدەن، کە دەتوانن وەکو ئەوان کار بکەن و بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرن".

رێزان فەریق کە پیشەی مامۆستایە لەیەکێک لەقوتابخانەکانی شاری هەولێر دەڵێت" یەکێک لەو هۆکارانەی کەوای کردووە توندوتیژی بەبەردەوامی روو لەزیاد بوون بکات لەکومەڵگای ئێمەدا، داب و نەریتە باوەکانە، کە وادەکات ئافرەت ببێتە کۆیلەی دابونەریتەکان، لەسۆنگەی ئەمەشەوە سەرجەم دابونەریتەکان و کلتوری کومەڵگا پێیانوایە دەبێت ژن ملکەچی زۆر شت بیت، هیچ کەسێک لەئێمە بۆ خودی خۆمان نەژین و بۆکۆمەڵگا بژین، پێویستە لەکۆمەڵگای کوردەواریدا پەروەردەیەکی نوێ بێتە کایەوە سەبارەت بەتێڕوانینی ئافرەت، هەر لەتاکەوە بگرە تا خێزان، ئەو تێڕوانینەی ئێستا هەڵەیە بەرامبەر ئافرەت، لەم رووەشەوە پێویستە پەروەردەو سەنتەرە رۆشنبیرییەکان رۆڵی بەرچاو بگێڕن".

کچە رۆژنامەنووس و پارێزەر (لانە ئامانج) لەسەر پرسی توندوتیژی دژ بەئافرەتان رایدەگەیەنێت و دەڵێت" بەداخەوە بەکارهێنانی توندوتیژی بەرامبەر بەئافرەتان، بەرای زۆربەی لەمێژوونووسان هەر لەقۆناغی یەکەمەوە، پیاوسالاری

هەروەها چرۆ سەعید چالاکوانی بواری ئافرەتان" هۆکاری سەرەکی زیادبوونی توندوتیژی دژ بەمێینە خودی کۆمەڵگە و عەقلیەتی پیاو سالارییە، بۆیە پێویستە ئەم عەقلیەتە بگۆردرێ و ئافرەتان رێگەیان پێبدرێ کاری خۆیان بکەن و بەسە ئیتر رێگری لەرەگەزی مێینە."

لێرەو لەوێ ئافرەت رێگری چوونە بازاڕو پارک و ماڵە خزمانی بەتەنیا لێ قەردەغە کراوەو هێشتا ئەم پیاو سالارییە ماوە، بۆیە پێویستە چارەیەک بدۆزرێتەوەو بنبڕ بکرێت".

کچە خوێندەڤانێکی زانکۆش بەناوی (ساڤا وریا) دەڵێت " رەخساندنی بوار بۆ ئافرەت لەسەرجەم قوناغەکاندا زۆر پێویستە، پێویستە بواری زیاتر بۆئافرەتان بڕەخسێنن، تا بتوانین رۆڵیان لەنەخشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی هەبێت، ئێمەلەکۆمەڵگایەک لەدایک بووین و دەژین، کە کلتورەکەی بەهای ژیانی یەکترمان لەلا بێهێزو لاواز دەکات، لێبوردەیی زۆرتر گیانی شەڕانگیزی دروست دەکات، دیارە تائێستا بوونی هەیەو بەدرێژایەتی مێژووی مرۆڤایەتی، ئافرەت چەوسێنراوەتەوە، لەزۆر لەکۆمەلگاکانیش ئافرەت وەک کاڵاو مرۆڤی پلە دوو سەیر کراوە، ئەوەش مایەی رامان و تێبینی لەسەر کردنە بۆ ئێمە، ئەم جۆرە تێڕوانینە هەر لەخۆوە جێگیر نەبووە، بەڵکو لەهەندێک لەئاینەکان و تەنانەت ئایینە ئاسمانیەکان و لێکدانەوەی کۆمەڵگای دەسەڵاتی پیاو سالاری و سروشتی کۆمەلگا خیلەکییەکان رۆڵێکی گەورەو کاریگەریان بینیوە لەئاراستەکردن بۆ ئەو بیروبۆچونانە، کەهۆکارە کۆمەڵایەتییەکان لەنێو کۆمەلگا لەئەنجامی زاڵبونی عەقلی خێڵەکییە، کەدەرهاویشتەی نەریتی بیانییە لەکۆمەڵگای دورگەی عەرەبیەوە بەهۆی تێکەڵاوی کۆمەڵایەتی و رژێمی سیاسی بۆمان گوازراوەتەوەو ئەم نەریتە تێکەڵ بەکۆمەلگای ئێمە بووە، دیارە باشووری کوردستان لەپارچەکانی دیکەی کوردستان جودا دەکاتەوە، هەروەها نزمی ئاستی هۆشیاری لای تاکەکانی کومەڵگادا، ئەمەش بەهۆی پەروەردەی پیاو سالاری و مامەڵەی ناتەندروست و بەکەم زانینی رەگەزی مێ.

# هۆکاری پەتا وەرزییەکان و چارەسەر

◇ میدیا - ئاشنا کاوە

**خوێندەڤانێک: ئەو پەتایە گواستنەوەی لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە ئاسانە**

**هاوڵاتییەک: زۆربەمان لەکاتی گۆڕانی وەرز توشی هەڵامەت دەبین**

**فەرمانبەرێک: تووشبوونم بەپەتای وەرزی وەکو خووی زستانەی لێهاتووە**

بەهۆی گۆڕانکاری کەش و هەواو هاتنی وەرزی سەرما، زۆرێک لەهاوڵاتیان تووشی چەند نەخۆشییەکی سووک دەبن، کە نەخۆشییەکانی هەڵامەت و ژانە قورگ و سەرماخوردەکییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کەمتەرخەمی کەسەکان بەرامبەر تەندروستی خۆیان، بۆیە بۆ چارەسەری پەنا بۆ چارەسەری پزیشکی (حەب و دەرزی) دەبەن.



نەدا محەمەد کچە خوێندەڤانێکە دەڵێت" زۆربەمان لەکاتی گۆڕانی وەرز تووشی هەڵامەت دەبین، بەتایبەت لەوەرزی پایزو زستان، زۆرجار دەزانم کە توشی هەڵامەت بووم بەڵام ئەگەری هەیە نیشانەی نەخۆشی دیکە بێت، بۆیە بەکارهێنانی دەرمان لەم بارەدا بێ بینینی پزیشک، ئەگەری زیانی زیاتر دەبیت لەسوود، بۆیە سەردانی کردنی پزیشکی پسپۆر بۆ بەکارهینانی دەرمان لەژێر چاودێری پزیشک چاکترە، خۆم لەم بارەدا سەردانی بنکە تەندروستییەکان دەکەم بۆ بینینی پزیشک و وەرگرتنی چارەسەر، نەک لەخۆمەوە چەند دانە حەب یان دەرزییەک بەکاربهێنم، چونکە لەوانەیە زیانی هەبێت ببێتە هۆی تووش بوون بەنەخۆشی دیکە".

ئەحمەد تاریق خوێندەڤانێکی دیکەیە لەپەیمانگا دەخوێنێت سەبارەت بەم پرسە وتی" ئەو پەتایەی لەسەرەتای وەرزی پایزدا بڵاو دەبێتەوە، گواستنەوەی ئاسانە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە، وەزارەتی تەندروستی بنکەکان ئاگادار دەکاتەوە لەم وەرزەدا هەڵمەتی کوتان دەست پێ بکەن، لەدژی چەندان نەخۆشی وەرزی بۆ منداڵانی خوار تەمەن پێنج ساڵ، بۆ پاراستنی هاوڵاتیان،

چونکە منداڵ توانای بەرگەگرتنی جەستەیی کەمترە لەچاو گەوران، بەڵام سەبارەت بەخۆم زۆرجار هەبووە تووشی هەڵامەت و نەخۆشییە وەرزییەکان بوویمە، لەژێر چاودێری پزیشک چارەسەریم بەکارهێناوە، چونکە بەکارهێنانی چارەسەری دوور لەرێنمایی و چاودێری پزیشک مەترسی گەورەی بەدواوەیە، لەوانەیە هەڵەیەک ببێتە هۆی لەدەستدانی ئەندامێکی جەستە، یان تووش بوون بەنەخۆشییەکی قورستر".

خاتوو (ساوین عەبدوڵڵا) فەرمانبەرێکی میرییە گوتی" تووشبونم بەپەتا وەکو خووی زستانەی لێهاتووە، لەگەڵ ئەوەشدا هەمیشە خۆم دوور دەگرم لەبەکارهێنانی دەرمان و هەوڵدەدەم بەبەکارهینانی رێگای سروشتی چارەسەری خۆم بکەم، خەڵک بیر لەوە دەکەنەوە کە بەدەرمان نەبێت چارەسەر نابێت، بەڵام خۆی پەتا شتێکی وا نییە هەر زوو پەنا بۆ پزیشک و دەرمان بەری، زۆر کەس لەبەر جوانی دەرکەوتنیان جلی کەم دەپۆشن، ئەمەش کاریگەری راستەوخۆی دەبێت بۆ تووش بوون بەهەڵامەت، بۆیە لەوەرزی سەرمادا پێویستە تەندروستی خۆت لەبەرچاو بگریت و جلی گەرم بکەیتە بەرت، بۆئەوەی لەم پەتایانە بەدوور بیت".

کچە خوێندەڤانێکی بەشی پزیشکیش هۆکارەکە بۆ ڤایرۆس و بەکتریا زیان بەخشەکان دەگەڕێنێتەوە، سایە سیروان خوێندەڤانێکی کۆلێژی پزیشکییە رایدەگەیەنێت" لەقوڵایی بابەتەکە شتێکی ئاشکرا هەیە، ئەویش بوونی بەکتریایە لەجەستەی مرۆڤ، مرۆڤیش بێ بەکتریا ناژی، بەڵام بەکتریا توانای زیان گەیاندنیشی هەیە جگە لەسوود، زاناکان لەچەرخی نۆزدەهەم گەیشتنە ئەو بڕوایەی هەندێک لەبەکتریاکان توانای زیان گەیاندنیان هەیە، کەچەند جۆرێکن و زۆربەمان رووبەڕووی دەبینەوە، یەک لەوانەش نەخۆشیە میکرۆباوییەکان، کە ئێستا ئێمە لیی پارێزراوین بەهۆی کوتان و دژە زیندەییەکان، ڤایرۆسیش ئەو تەنۆچکەیە کەدەجێتە ناو خانەیەک و زۆرجار دەبێتە هۆی نەخۆشی هەڵامەتی ئاسایی و ئەنفلەوەنزا، لەگەڵ ئەوەی زۆر لەنەخۆشییە ڤایرۆسییەکان چارەسەری نییە، بۆیە وا باشترە لەسەرەتاوە خۆمان بپارێزین و نەهێڵین بڵاوببێتەوە".

لەو بارەیەوە یاریدەدەری پزیشکی (رەزوان) وتی" گۆرانی وەرز لەزۆر ڕووەوە کاریگەری لەسەر تەندروستی مرۆڤ دەبێت، بۆ نمونە لەوەرزی پاییز بۆ زستان کاریگەری لەسەرپێستی مرۆڤ هەیەو توشی وشک بوونی پێست دەبێت، کاریگەری لەسەر کۆئەندامی هەناسەش دروست دەکات، لەهەمانکاتدا مرۆڤ تووشی کۆکە و هەڵامەت دەبن، چونکە کەش و هەوا لەوشکەوە بەرەو نیمچە تەڕ دەچێت، بە هەمان شێوە لەوەرزی زستان بۆ بەهار وهاوین مرۆڤ توشی هەستیاری دەبێ، ئەویش بەهۆی دەرکەوتنی گژوگیا و توش بوون بەم دەرکەوتانە دەگۆریت بەگوێرەی تەمەن، منداڵ و پیر بەهۆی کەمی بەرگریان زیاتر رووبەڕووی دەبنەوە، چارەسەر کردنی هەڵامەتیش بە رێگای سروشتی بۆ ئەو کەسانەی کە لەگەڵ ئەوەدا نین دەرمان وەر بگرن، بەکارهێنانی (هەنگوین، شیر، لیمۆ، ئاوی پیاز...هتد) سوودی بۆیان دەبێ، زۆر رێگامان هەیە بۆ خۆپاراستن باشترینیان خواردنی ئەو میوانەیە کەدەوڵەمەندن بەڤیتامین (C) لەبەر ئەوەی بەرگری لەش زیاد دەکات.